# فرعونستان

مەجید ساڵح*

بۆ زیاتر لە سێ مانگە یەکێتی نیشتمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان،بە ئاشکراو بە نهێنی سەرقاڵی یەخستنەوەی ئەو ئیدارەیەن کە لە 31ئابی 1996لە لایەن دەبابەکانی بەعسەوە تیرۆرکراو پاشان هەریەکە ئیدارەی خۆی لە بەشێك لە ناوچەکانی ژێردەستی دامەزراند.

سەرەڕای ئەوەی یەخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە هەر لە یەکەمین ساتەوەختی بەشکردنییەوە خواستێکی جەماوەری بوە،بەلاَم ئەوخواستە وەك زۆر خواستی تری جەماوەری کوردستان پشتگوێ خرا.تا ئاخرەکەی شەقی زەمانەوئەمریکا وگۆڕانکاریەکانی پاش 2003/4/9هەلی ئەوەی بۆ رەخساندین کە رازی بن بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەریلە ناوچەکانی ژێرکۆنترۆلی هەردوولا.خۆشبەختانەش هەردوو لایان بە یەك لیست چونەناو ئەو هەڵبژاردنەوە،ئەگینا کارەسات وشورەییەکی گەورەچاوەڕوانی دەکردین.

وەك لە سەرەتاوە وتم سێمانگ زیاترە یەکێتی وپارتی(بە بێ گوێدانە رای ئەو حزبانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا هاوپەیمانیان بوون) سەرقاڵی مەسەلەیەکی یەکجار سادەو ساکاری وەك(سەلاَحیاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانن) ،مەسەلەیەك کە لە دونیای مۆدیرندا و لەو سیستەمەحوکمڕانیانەی کە پشت بە عەقڵ ولۆژیك دەبەستن، کەی باوی ئەوە ماوە (فەردێك)با هەرکەسێك بێت ئەو هەموو دەسەلاَتەی هەبێت.؟!!

پێداگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، لەوەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکوژ وببڕخۆی بێت ومەسەلە چارەنوسازەکانی وەك مالی وئیداری وبەرگیری..........هتد، لە چنگی خۆیدا کۆ بکاتەوە،مەسەلەیەك نییە تەنیا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لێی بەرپرسیار بێت.بەڵکو ئەوە بەندە بەچارەنوسی هەموو فەردێکی ئەم ولاَتەوە،بگرە بەندە بە چارنووسی نەوەکانی ئایندەشمانەوە.

کێ لەم دونیایەی ئێستادا کە مافی تاکە کەس گەیشتوەتە لوتکە، رازییە تاکە کەسێك وەك شوان ئاراستەیبکات؟!لەو پرۆژەیەی کە پارتی داویەتیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان،سەرۆکی هەرێمی کوردستان (فرعەون)ێکە بۆ خۆی.بگرە پێچەوانەی هەموو دەستورێکە لە سەرتاپای دونیا.تەنانەت لە پرۆژەکەی یەکێتیشدا باس لەوە نەکراوە(کاتێك ئەگەر سەرۆکی هەرێم

هەڵەیەکیکرد، یان خوانەخواستە ئەگەر خیانەتێکی لێ قەوما) ئەوە کێ بێت محاسەبەیکات؟! ئەم بەندە لە هەموو دەستورێکدا هەیە،بە دەستورەکەی سەدام حسێنیشەوە.کەچی یەکێتی وپارتی وەك ئەوەی (سەرۆکی هەرێمی کوردستان) معسوم بێت لە هەڵە، لە هیچ خاڵ بەندێکدا باس لەوە ناکەن.

لەوانەش بگوزەرین،لە پرۆژەکەی پارتیدا وا باس لە (سەلاَحیەتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان )کراوە کە بۆ هەتا هەتایە(کاك مەسعود بارزانی) سەرۆکە!پرسیارەکە لەوەدایە ئەگەر پاش ئەم هەڵبژاردنەبۆنمونە (کاك کۆسرەت رەسوڵ) بو بە سەرۆکی هەرێم،ئایا پارتی بە هەمان سەلاَحیەتی سەرۆکی هەرێم رازی دەبێت، یان ئەو کات داوای تەعدیل وگۆڕان دەکات؟

سەبارەت بە مەسەلەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش کە مودیری قوتابخانەیەکیش معاونیهەیە، من هیچ شتێکم جوانتر لەوە نەدۆزیەوە کە کادیرێکی حزبی شوعی کوردستان لە رۆژنامەی هاوولاَتیدا وتی:(تەنیا خوا جێگری نییە).هەرچەندە خوا مرۆڤیبەخەلیفەی خۆی داناوە لە سەر زەوی!

بە هەرحاڵ تاکو ئێستا ئێمە نازانین لە پشت پەردە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی هەردوولا باس لە چی دەکرێت،بەلاَم با ئەوە بخەینە پێش ئەجەندای کاری پەرلەمانی کوردستانەوە کە سەلاَحیەتەکانی (سەرۆکی هەرێم)لە ریفراندۆمێکدا بریاری لە سەر بدرێت،نەك لە مەکتەبی سیاسی وپەرلەمانێك کەهەموومان دەزانین برِیارەکانی بە دڵی کێ دەبێت!

*سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفال
Magid1968@yahoo.com